ئەوەی دەترسم لەسەر ئێوە کە تووشتان ببێت لە دوای خۆم؛ خۆشی وڕازاوەیی دونیایە کە بە زۆری ڕووتان لێبکات

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەرەکەی دانیشتبوو، وئێمە لە دەوروپشتی دانیشتبووین، وفەرمووی: «ئەوەی دەترسم لەسەر ئێوە کە تووشتان ببێت لە دوای خۆم؛ خۆشی وڕازاوەیی دونیایە کە بە زۆری ڕووتان لێبکات»، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا خێر شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێدەنگ بوو، پێی ووترا: ئەوە چیتە؟ قسە دەکەیت لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو قسەت لەگەڵدا ناکات؟ وپێمان وابوو وەحی بۆ دادەبەزێت؟ دەڵێت: سەروەرمان ئاڕەقێکی زۆری سڕی، وفەرمووی: «کوا پرسیارکار؟»، وادیاربوو کە پرسیارەکەی پێ باش بوو، فەرمووی: «خێر شەڕ لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، بەڵام هەندێك لەوەی لە بەهاردا دەڕوێت بکوژە یان ئازاردەرە، جگە لە بخۆری گژ وگیای سەوز نەبێت، دەخوات هەتاوەکو سکی دەڕەوێتەوە، دواتر ڕوو لە خۆر دەکات، وپیسی ومیز دەکات، وجارێکی تر دەخوات، وئەم پارە وسامانە سەوز و بەچێژە، چەند هاوەڵێکی چاکە بۆ مسوڵمان ئەگەر لێی ببەخشێت بە هەژار وهەتیو وڕێبوار -یان بەو شێوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی-، وئەوەی بە بێ مافی خۆی وەریبگرێت، وەکو کەسێك وایە کە هەر دەخوات وتێر نابێت، ولە ڕۆژی قیامەتدا شاهێدی لەسەر دەدات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان لەسەر مینبەرەکەی دانیشت وقسەی بۆ هاوەڵانی دەکرد، وفەرمووی: ئەو شتەی زیاتر لێی دەترسم لەسەر ئێوە لەپاش خۆم بریتیە لە بەرەکەت وخۆشی وچێژ ووڕازاوەییەی ژیانی دونیا، وئەوەی تێیدایە لە جۆرەکانی شتومەك وجل وبەرووبووم وشتی تر لەوانەی خەڵکی شانازی بە جوانیەکەی دەکەن ئەگەرچیش بۆ ماوەیەکی کاتیە. پیاوێك ووتی: خۆشی ژیانی دونیا نیعمەتێکە لەلایەن اللە وە، ئایا ئەم نیعمەتە دەبێتە بەڵا وسزا لەسەرمان؟! خەڵکی لۆمەی پرسیارکاریان کرد چونکە بینیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێدەنگە، وپێیان وابوو تورەی کرد. بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووونیکردەوە کە ئەو وەحی بۆ دادەبەزی، پاشان ئاڕەقی نێوچەوانی لادا، وفەرمووی: پرسیارکار لە کوێیە؟ ووتی: منم. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەمد وستایشی اللە ی کرد وپاشان فەرمووی: خێری ڕاستەقینە شەڕ ناهێنێت، بەڵام ئەم چێژ وخۆشیە خێرێکی تەواو نییە چونکە دەبێتە هۆی فیتنە وکێبڕکێ وسەرقاڵبوون پێی لەجیاتی گرنگیدان بە قیامەت، پاشان نمونەیەکی لەسەر ئەم باسە هێنایەوە، وفەرمووی: ڕووەکی بەهار وسەوزە گیا؛ کە جۆرێکە لە ڕووەك ومەڕومااڵت حەزی لێیەتی بەڵام دەیانکوژێت بەهۆی زۆر خواردن لێی یان خەریکە بیانکوژێت، مەگەر لەم حاڵەتە نەبێت کە بخۆری گژ وگیا دەخوات هەتاوەکو لاکانی دەڕەوێتەوە، پاشان ڕوو لە خۆر دەکات وپاشەڕۆی نێو سکی فڕێ دەدات یان میز دەکات، وئەوەی ماوەتەوە لەنێو سکی بەرزی دەکاتەوە بۆ نێو دەمی دەیجوێت ودیسانەوە دەیخوات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ خواردن. ئەم پارە وسامانە وەکو ئەو گژ وگیای سەوز وایە بەتام وچێژە، دەکوژێت یان لەوەیە بکوژێت؛ مەگەر هێندەی لێ بەکاربهێنێت کە پێویستە لەڕێگایەکی حەاڵاڵەوە ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا زیانی نابێت، باشترین خاوەنداری ئەو سامانە مسوڵمانێکە کە بەشی هەژار وهەتیو وڕێبواری لێ دەدات، ئەمە کەسێکە بە هەقی خۆی وەریدەگرێت بۆیە بەرەکەتی تێدەکەوێت، وئەوەی بە مافی خۆی وەرینەگرێت وەکو کەسێك وایە کە دەخوات وهەرگیز تێر نابێت، ولە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە شاهێد لەسەری.